**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بــەنــاوی گــەلــەوە**

**پــەرلــەمانی كــوردســتان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی برگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و، لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٦/٩/٢٠١١ بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكان بۆ هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە( ١٧ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق و كاركردن بە حوكمەكانی.

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** پیادە كردنی برگەی(دووەم) لە ماددەی(٢٨) لە یاسای سەرەوە رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێی دادەنرێ:

(**دووەم**: وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق لە پێكهێنانی دادگایەك یان زیاتر لە هەرێم شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ دەگرێتەوە).

**دووەم:** كاركردن بە برگەی(سێیەم)ی ماددەكە لە هەرێم رادەگیرێ.

**ماددەی سێیەم:**

دامەزراو فەرمانگەكانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەكانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەكان و خاوەن پلە و پایەكانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێكی یاسایەكەدا هاتبێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریار ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەربوونی(٣٠) رۆژ لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**یاساكە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوكمی برگەی یەكەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو**